بسم الله الرحمن الرحیم

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

# پێناسی پەرتووک

ناوی پەرتووک : تۆ تەنها نیت

نووسەری پەرتووک : دیار سعدی علی ( تیاگۆ )

دیزاینی بەرگ : شێخ احمد

هەڵەچن : هەژیر عبدالرحمن

ژ . لاپەڕە : ()

" ئەڵێم ئازیز نیگەران مەبە ، تۆ تەنها نیت ، ئەڵێم خودایەکت هەیە .

ئەڵێم ئازیز خۆشیدەوێیت ، هەر ئەوە لە ناخۆشیەکان و خۆشیەکان لەگەڵت دایە ، ئەو خودای تاک و تەنهایە . "

## دەربارەی نووسەر

**من ناوم دیار سعدی علی ، دانیشتووی شارۆچکەی چوارقوڕنەم سەر بەقەزای ڕانیە ، تەمەنم ١٩ ساڵە ، هەروەها خوێندکاری پەیمانگای کۆمپیوتەری ڕاپەڕینم لە قۆناغی ( پێنجەم ) ، خاوەنی ٣ پەرتووکم بەناوەکانی : بە ئینگلیزی بیربکەوە ، لە نامەیەکەوە ، ژیان لەگەڵ پێغەمبەر . خاوەنی ٣ بڕوانامەی زمانی ئینگلیزیم ، لە سیستەمەکانی : فەیس – تو – فەیس دوو بڕوانامە ، هەروەها بڕوانامەی نێودەوڵەتی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی ئەمریکی عێڕاق سلێمانی لەسەر سیستەمی : ئینتەرچەینج ، ئارەزووی نووسینی پەرتووکم هەیە بەتاییەت لە بوارەکانی دینی و گەشەپێدانی مرۆیی و زمانەوانی چونکە تواناکانی خۆم لەو بوارانەدا ئەبینمەوە و ئامانجمە لەڕێگەی پەرتووکەکانم سوودێک بە**

کۆمەڵگاکەم و بە پەرتووکخانەی کوردی و خوێنەرانی کوردستان بگەیەنم ، هەروەها ئەم خزمەتێک بێت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، داواکارم لە خودای میهرەبان تەمەنی من و ئێوەش پڕ بەرەکەت و خێردار بکات ، داواکارم لە بەهەشتە بەرینەکەی کۆمانبکاتەوە .

## پێشەکی

پەنهایی ( تەنیایی ) ناوێک کە هەندێک لە ئێمە ، ترسێکمان بەرامبەری هەیە ، هەندێکمان وەک شومێک سەیری ئەکەین ، هەندێکمان وەک حیکمەتێک ، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا ئێمە تەنها نین بەڵێ تۆ تەنها نیت من تەنها نیم ئێوە تەنها نین ، شتێک بوونی نییە بەناوی تەنهاییەوە ، تەنهایی تەنها موڵکی خودایە ، ئێمە خودایەکمان هەیە ئیدی بۆ بڵێین ئێمە تەنهاین ! ئەی خودا بۆچی هەیە ئازیز ، خودایەک کە لە دایک و

باوکمان زیاتر بەبەزەیی ترە ، نازانم ئازیز تەنهایی خۆت بەوە ئەبەستیتەوە کە کەسێک لە ژیانت دانییە ، بەڵام دووبارە بیربکەوە ، خودایەک و دایک و باوکت هەیە ، دەی ئەگەر دایک و باوکیشت نەبوو خودایەکت هەیە کە لەوان بۆت زیاتر باشترە و بۆت بەبەزەیی ترە خۆشەویستم ، دەی تۆ بەوە مەڵێ تەنهایی کە هاوڕێگات نییە ( هاوڕێ ) دەی تۆ بەوە مەڵێ تەنهایی کە نیوە ونبووەکەت نەدۆزیتەوە ، دەی خودایەک هەیە نیوە ونبووەکەت پڕ دەکاتەوە ، دەی خودایەک هەیە زۆر لە هاوڕێگاکەت باشترە بۆت ، دەی خودایەک هەیە ئازیز خۆشیدەوێیت و ڕێزی لێناویت ★ لقد کرمنا بنی ادم ★ ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم ناوە .

تەنها نیت

تەنها نیت ئازیز وشەیەک نییە بەناوی تەنهایی ئەوە خەمەکانی ئێمەیە ئازارەکانی ئێمەیە نێومان لێناوە تەنهایی ، تەنهایی ڕاستەقینە تەنها بۆ خودایە تەنها خودا تاک و تەنهایە ، تەنهایی مانای ئەوەنییە ئێمە نیوە ونبووەکەمان نەدۆزیوەتەوە ، تەنهایی مانای ئەوە نییە کە ئێمە هاوڕێگەیەکمان نییە ، ئاخر ئازیز بۆ ئەلعان ئەتۆ کاڵەکێ بە ئەژنۆیان دەشکێنیت و خۆت کردۆتە مامە خەمە ، لە کاتێکدا خودایەکی پاک و بێگەردت هەیە ، لە هەموو ساتەناخۆشەکان و ساتە خۆشەکان لەگەڵتە ، ئاخر چۆن ئەتۆ پەنهایت ( تەنهایت ) کە خودایەکت هەیە هەموو کەون و ئاسمانەکانی بەدەستە ، هەر ئەوە خۆشی پێش ناخۆشی دەکات و ناخۆشیش پێش خۆشی دەکات ، هەر ئەوە لە دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت ، هەر ئەوە ڕووناکاییە بۆ تاریکایی ناخی ئەتۆ ، ئاخر هەر ئەوە لە ئازارەکانت تێدەگات ئاخر هەر ئەوە

پێویستت پێیەتی بۆ هەموو ژیانت ، ئاخر هەر ئەوە هۆکاری سەرکەوتنت هۆکاری بەختەوەریت هۆکاری چێژی ژیانت هۆکاری خەندەکانی سەر لێوت .

## پێی دەزانێت

ئازیز ئەو ئاگاداری ئازارەکانتە پێی دەزانێت ، ئەو ئاگاداری خەمەکانتە پێی دەزانێت ، وا بیرمەکەوە کە ئەو وازی لەتۆ هێنابێت خۆشەویستم ئەو هەمیشە لەگەڵ تۆیە ، وابیرمەکەوە ئەو تۆی فەرامۆش کردووە ئەمما ئەو لەخۆت زیاتر خۆتی خۆشدەوێت ، ئەو بینەر و بیسەرە بەڵام بینین و بیستینی ئەو زۆر جیاوازترە لەوەی ئێمە ئەو لە ئێمە زیاتر فراوانتر دەبینێت دەبیستێت ، بەڵام پێویستی بە ئارامگرتنە ، خۆشەویستم خودا پێی دەزانێت بە هەموو شتێکت بە ئاشکرا و نهێنیەکانت بە قسە ئاشکرا و بە قسە شارەوەکانت بە خەیاڵەکانت بە

بیرو بۆچوونەکانت ، سەیری ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز بکە کە خودای گەورە تێیدا دەفەرمووێت

★ وما تسقط من ورقة إلا يعلمه ا★ ، خودای گەورە بە کەوتنی گەڵایەک لە دارەکەی ئاگادارە ئیدی چۆن ئاگادارنییە بە خەم و ئازاری بەندەکەی ئیدی چۆن ئاگادارنییە لە فرمێسکی تەنهایی شەوانت ئیدی بزانە تەنها پێویستی بە کەمێک ئارامگرتنە هەروەها خوداش لەگەڵ ئارامگران دایە .

پێی دەڵێت ببە دەبێت

خەونەکەت لا ئەستەمە ئازیزم ؟

ئەڵێیت نا ئەمە ئەستەمە نایەتەدی ؟

بەخۆت دەڵێیت من خەونەکانم هەرگیز نابێتە ڕاستی ؟

هەرگیز من سەرکەوتوو نابم ؟

ئەگەر ئەتۆ ئەو قسانەت بەخۆت وتووە ئەوا پێت دەڵێم داوای لێبوردنێک قەرزاری خۆتیت ، داوای لێبوردنێک قەرزاری تواناکانی خۆتیت ، ★ إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون ★، بێگومان هەر کاتێک فەرمانی خودا دەرچوو ، ویستی شتێک جێبەجێ بکات و بیهێنتەدی ، پێی دەڵێت ببە، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت . دەی خۆشەویستم دڵنیابە ڕۆژێک دێت خودای گەورە و میهرەبان بە هەموو خەونەکانی تۆش دەڵێت ببە ، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و بەدی دێت ، دڵگران مەبە ئەوەی لای ئێمە خەیاڵە لای خودا بەتاڵە .

ئەو لە هیچ شتێک ناچێت

★ ليس كمثله شيء وهو السميع البصير ★ هيچ شتێک نییە لە وێنەی ئەو زاتە ، هیچ شتێک لەو ناچێت ( چونکە خودایەو بەدیهێنەرە ، چۆن لەبەدیهێنراوەکانی دەچێت . ) هەر ئەویش بیسەر و بینایە ، ئازیز خودایەکت هەیە کە ئەوەی ئێمە خەیاڵی بۆ دەکەین بۆ وێنای ئەو خودایە زۆر دوورە ، وەک لە پەرتووکی شاری بەهێزەکان لە نووسینی عمر ال عوضە ، دەڵێت ★ هیچ کەس ناتوانێت خەیاڵی بکات ، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی تۆ خەیاڵی دەکەیت ، پەروەردگاری پاکوبێگەرد لە هەموو شتانەی خەیاڵت کردووە ، بەتەواوی جیاوازە ، هەروەها نووسەری پەرتووکی شاری بەهێزەکان دەڵێت ، ئەگەر مرۆڤ سەد ساڵ بمێنێتەوە شتێک نەکات تەنیا خەیاڵی حەقیقەتی پەروەردگار نەبێت ! هێشتاش ناتوانێت . ★ بەڵێ ئازیزانم ئێمە پێویستە سوپاسگوزار بین کە ئیسلامین و لەسەر دینی ڕاستین ، خودایەکمان

**هەیە کە بیسەر و بینایە بە هەموو ئازار و ناخۆشیەکانمان ، خودایەکمان هەیە کە بە هیچ خەیاڵێک وێنای ناکرێت ، وە هەرگیزیش ناتوانین وێنای بکەین .**

## ئەستەم نییە

**ئەستەم نییە ،**

**بەدی هاتنی خەونەکەت ،**

**ئەستەم نییە ،**

**گەڕان بەدوای نیوەی ونبووت ،**

**ئەستەم نییە ،**

**ڕەنگە بەیانی ئەو ڕۆژە بێت ،**

**کە ئەتۆ دەتەوێت ،**

**تۆ هەرگیز مەڵێ نا ،**

خودا دەزانێت ،

هیوایەت هەبێت ،

بەهیواوە بڕوانە سبەی ،

سبەی هەلێکی نوێیە .

شەرم نییە

شەرم نییە ،

گەڕان بەدوای هەڵەکانی خۆتدا ،

شەرم نییە ،

ئەگەر کەموکوڕیەکت هەبێت ،

کامڵ بوون ،

تەنها بۆ خودایە ،

شەرم نییە ،

گەڕان بەدوای هاوبەشی ژیانت ،

شەرم نییە ،

ئەگەر شتێک نەزانیت ،

شەرم نییە ،

ئەگەر نوێژەکانت بکەیت و لەسەر سونەتی ڕەسولی خودا بڕۆیت .

شایەنتە

شایەنی تۆیە ،

ژیانێکی بەختەوەر،

شایەنی تۆیە ،

سەرکەوتن ،

شایەنی تۆیە ،

خێزانێکی ئیماندار  و منداڵێکی صاڵح

شایەنی تۆیە ،

کردنی خەونەکانت کاتوار ( واقیع )

شایەنی تۆیە ،

ژیانێکی شاهانە بژیت ،

شایەنی تۆیە ،

خەندە بکەیت و پێبکەنیت  .

مەڵێ نا

مەڵێ نا ،

بۆ سەرکەوتنت ،

مەڵێ نا ،

مەڵێ نا ،

ئاخر نا وەڵامێکە هەستی نەرێنیت پێشکەش دەکات ،

مەڵێ نەخێر بۆ سەرکەوتنم ،

مەڵێ نەخێر بۆ ئەرێنی بوونم ،

مەڵێ نەخێر مەڵێ نا بۆ گەشبین بوونت ،

مەڵێ نا بۆ ئەوەی ئامانجێکی تایبەت بەخۆمم هەبێت ،

مەڵێ نا بۆ ئەوەی شایەنی ژیانێکی شاهانە بم ،

مەڵێ نا بۆ ئەوەی هەڵەکانم چاکبکەمەوە و داوای لێبوردن لەخۆم و لەوانە بکەم کە بوومەتە هۆی ئازار بۆیان .

## نەرێنی مەبە

نەرێنی مەبە ،

ئاخر نەرێنی بوون نەک کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت

،

بەڵکو کاریگەری لەسەر تەندروستیشت دروستدەکات ،

ئاخر بۆ نەرێنیت کاتێک خودایەکت هەیە ،

ئاخر نەرێنی بوون شایەنی تۆ نییە ،

ئاخر نەرێنی بوون بۆ هەموو ساتێک نییە ،

ئاخر گەشبینی لەتۆ جوانە ، تۆ شایەنی باشترینی

ئاخر نەرێنی بوون ،

مردنێکی لەسەر خۆیە ،

ئاخر نەرێنی بوون ،

ژەهرێکە و دەرخواردی مێشکتی ئەدەیت ،

ئاخر نەرێنی بوون دیوارێکە لەبەرامبەر گەشبینیت .

## ئەرێنی بە

ئەرێنی بوون ،

کلیکی کردنەوەی دەرگای بەختەوەریە ،

ئەرێنی بوون ،

کلیلی گەشبینیە ،

ئەرێنی بوون ،

کلیکی دەرگای سەرکەوتنە ،

ئاخر تۆ بەر ئەرێنی بوون ،

فرێکوێنسی ئەنێریت بۆ ژیان ،

بۆ گەردوون پێی دەڵێت ئەی ژیان من ئەرێنیم ،

ئیدی ژیانیش بۆت ئەرێنی دەبێت ،

چی پێشکەش بە ژیان بکەیت ، هەمان شتت دەداتەوە
،

دەی تۆش ئەرێنی بوون پێشکەشی ژیان بکە .

کامڵ بوون نییە

هەڵەیەکی کوشندەی ژیان ،

هەوڵدانە بۆ کامڵ بوون ،

ئاخر ئێمە چۆن کامڵ بین ،

کە نیوەین ،

کە نیوە ونبووین ،

ئاخر ئازیز کامڵ بوون نییە بۆ مرۆڤەکان ،

بەڵام ڕێژەیەکی کەم هەیە بۆ گەیشتن بە کامڵ بوون ،

ئەزموونەکان ،

سەرکەوتنەکان ،

دونیا بینین ، ئەوانە بەشێکی کەمن بۆ کامڵ بوون ،

کامڵ بوونی ڕاستەقینە تەنها بۆ خودایە ،

کامڵ بوونی ڕاستەقینە تەنها بۆ ئەو زاتەیە .

گەشبینی

گەشبینی ڕاستەقینە ،

لە نێو دەستەکانی خۆتدایە ،

گەشبینی ڕاستەقینە ،

لە دۆزینەوەی کەسێک ،

لە دۆزینەوەی هاورێگایەک دانییە ،

گەشبینی ڕاستەقینە ،

لە ناخدایە ،

له زەینت دایە ،

گەشبینی ڕاستەقینە ،

لە نێو دەستەکانی خۆتدایە ،

گەشبینی لەنێو ،

زەینتدایە .

## ڕێزی لێناویت

خودایەک ڕێزی لەتۆ ناوە ،

ئیدی بۆچی ئێمە خۆمان بێڕێز بکەین ،

خودایەک ڕیزی لە ئێمە ناوە ،

ئیدی بۆچی ئێمە ،

بۆ ڕازیبوونی کەسێک بە پەیوەندیەکی تایبەت ،

بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ویستی خودی لەنێوی ببەین

،

خودایەک ڕێزی لە نەوەی ئادەم ناوە و کە ئێمەش نەوەی

ئادەمین،

ئیدی بۆچی خۆمان بێڕێز بکەین لای خودای پەروەردگار ،

بە ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی ،

ئایا دەزانن ئەگەر ئێمە لای خودا بە بێڕێز ناونووس

بکرێین ،

ئەوا لای خەڵکیش بەهەمان شێوە بێڕێز دەبین ،

★ لقد کرمنا بنی ادم . ★

تاقیکردنەوەیە

نەخۆش بوونت ،

ئازارچەشتنت ،

گریانت ،

پێکەنینت ،

منداڵبوونت ،

منداڵ نەبوونت ،

ژیان لەگەڵ دایباب ،

ژیان بەبێ دایباب ،

نەبوونی خوشک ،

نەبوونی برا ،

هەمووی تاقیکردنەوەی خودایە ،

خودای گەورەش کەسانێکی خۆشبوێت تاقیاندەکاتەوە .

خێری تێدایە

**دڵتەنگ بوونت ،**

**دڵخۆش بوونت ،**

**ئازیز خێری تێدایە ،**

**گریانەکانت ،**

**دڵتەنگی شەیانت ،**

**خێری تێدایە ،**

**هەموو شتێک تەنانەت ژیانیشت خێری تێدایە ،**

**دەژیت کە خێری تیدایە ،**

**خۆشەویستم ،**

**سینگڵ بوونت ههه**

**خێری تێدایە**

بوونی خەونەکەت بە ڕاستی خێری تێدایە ، نەبوونیشی حیکمەت .

## هەمووی دەبێت

هەمووی دەبێت بەڕاستی ،

خەونەکانت ،

بەختەوەریت ،

گەشبینیت ،

دۆزینەوەی هاوسەرێکی ئیماندار ،

ڕزگاربوون لە سەڵتی ،

خوێندنت لە دەرەوەی وڵات بۆ خزمەتی ئیسلام و نەتەوەکەت ،

دەبێتە ڕازی ،

ئەو زاتێکە بڵێت ببە دەبێت ،

ئاخر وەک ئەو بوونەی ئیمە نا ،

ئەو هەر ویستی لێبێت دەستبەجێ دەبێت ،

★ لە کن فیکون ★

## سوجدەیەک

تەنها سوجدەیەک ،

بەسە ،

بۆ بوونی ئاواتەکانت بەڕاستی ،

تەنها سوجدەیەک ،

بەسە بۆ ئەوەی هەموو ئەستەمەکان ببن ،

بە ،

کاتوار ( واقیع )

**گەورەیی سوجدە لەوادەیە**

**کە تۆ بە زەویدا ئەچرپێنی ،**

**کەچی لە ئاسماندا وەڵامەکەت وەردەگریتەوە ،**

**سوجدە نزیک بوونەوە لە خودایە ،**

**نزیکترین کات بەندە لە نزیک بێت لە خودا ، لە کاتی سوجدەبردنە .**

**تەنها و تەنها**

**تەنها و تەنها نزایەک بەسە ،**

**بەسە بۆ بوونی خەونەکانت بە کاتوار ،**

**تەنها نزیک بوونەوەیەک لە خودا بەسە ،**

**بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری ڕاستەقینە ،**

**تەنها ڕۆژانە پێنج جار چوون بۆ مزگەوت بەسە ،**

بۆ بەدەستهێنانی ژیان ،

ڕاستە ،

دۆزینەوەی نیوە ونبوو ، دۆزینەوەی بەهرەیەک ،

بوونە کاتواری خەونێک ، ئامانجێک بەشێکن لە

خۆشبەختی ،

بەڵام هیچیان ناگەن بەو چێژ و لەزەتەی کە لە کاتی

سوجدە بردندا هەیە ،

ناگەن بەو کاتەی کە تۆ نزیک ئەبیتەوە لە خوداکەت .

نزیک بوونەوە لە خودا

تاکە هۆکاری بەختەوەری ،

لای من ، وە لای هەموو ئیمانداریێکی ڕاستەقینە ،

نزیک بوونەوەیە لە پەروەرێن ،

نەمانی ئازار ،

نەمانی خەم ،

نەمانی دڵتەنگی ،

نەمانی دوودڵی ،

نەمانی دڵەڕاوکێ ( وەسواسی )

هەمووی بە نزیک بوونەوە لە خودایە ،

خەم خواردن ، ئازار ، دڵتەنگی ،

هەمووی هۆکاری دووربوون ،

لە خودایە لە خودا .

ئەوەی دێت باشترە

دڵگران مەبە ئازیز ،

غەمگین مەبە خۆشەویستم بەوەی ئێستا ڕۆیشتووە ،

مەگری شەوان لەسەر پێخەفەکەت ،

مەگری بۆ ئەو کەسەی تۆی بەجێهێشت لەوکاتەی ،

پێویستت بوو ،

ئەتەوێت خودای گەورە ئاوێک بەو ئاگرەی نێودڵت دابکات ،

لەجیاتی غەمگین بوون شاد بیت هم ؟

سەیری ئەو ئایەتەی خوارەوە بکە کە قسەی پەروەرێنە ،

★ وللاخرة خير من الاولى ★

بەڕاستی ئەوەی دێت باشترە لەوەی ڕۆیشتووە ،

باشترە لەوەی ڕۆیشتووە ،

باشترە لەوەی ڕۆیشتوەھ .

به پاره دەتوانی

**به پاره دەتوانیت جوانترین کاتژمێر بکڕیت**

**بەڵام کات نا ،**

**به پاره دەتوانیت باشترین دەرمان بکڕیت ،**

**بەڵام ئەمما تەندرووستی نا ،**

**بەپارە دەتوانی خۆشەویستی ساختەیی بەدەست بهێنیت ،**

**وەلیٚ ناتوانیت خۆشەویستی ڕاستەقینه بکڕیت ،**

**به پاره دەتوانیت جوانترین خانوو بکڕیت ،**

**بەڵام ئەمما خێزانێکی تەبا نا ،**

**به پاره دەتوانیت هەندێک خەڵکی بکڕیت ،**

**بەڵام ئەمما خودا نا !**

**به پاره ئەتوانیت بەرتیل بدەیت به خەڵکی ،**

وەلیٚ بە خودا نا .

## ئومێد بوون بە خودا

ئومێد بوون بە خودا ،

جوانی بە هەموو چاوەڕوانیەک دەبەخشێت ،

ئومێد بوون بەخودا ،

وا ئەکات کاتەکانی چاوەڕوانی ،

خێراتر بڕۆن بەبێ هەست پێکردنی خۆمان ،

ئومێد بوون بە خودا لە کاتە سەختەکاندا ،

سوجدەیەک لە کاتی کێشەکاندا ،

ئارامیەک ئەبەخشێت بە دەروون ،

ترسێک لە دڵتدا ناهێڵێتەوە ،

چونکە خودایەکت هەیە ،

دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو دەسەڵاتدارێک ،

لێخۆشبووشە بەرامبەر بە ئیمانداران .

فێری فڕینت دەکات

ئەگەر خودا ،

تاوەکوو لوتکەی ناخۆشیەکانی بردیت ،

ئەمما هێشتا لێی بێ ئومێد مەبە ،

دڵنیابە یا لە دواوە پشتی گرتوویت ،

یان فێری فڕینت دەکات ،

خودای گەورە هەرگیز واز لە بەندەکانی ناهێنێت ،

هەر ئازارێک ،

هەر خەمێک ،

بۆ سڕینەوەی گوناهەکانی تۆیە ،

بۆ فێرکردنی تۆو بەهێزکردنی تۆیە ،

هەموو شتێکی خودا ، ڕەحمەتە حیکمەتە

بێ ئومێد مەبە ، فێری فڕینت دەکات .

خەڵک دەسڕێتەوە لە ژیانت

خودا ،

خەڵک لە ژیانت دەسڕێتەوە ،

چونکە گوێی لە هەندێک گفتوگۆ بووە ،

کەتۆ گوێت لێی نەبووە ،

خودا هەندێک کەس لە ژیانت دەکاتە دەرەوە ،

چونکە مەنجەڵی سەرقاپەکەی تۆ نین !

ئێه خۆشەویستم ،

مەنجەڵێک سەرقاپی خۆی نەبێت

بۆشی تیَ دەکەویَت ،

ئازیزم ،

گوێیەکانی تۆ هەموو شتێکی نەبیستووە ،

بیستنی ئەو جیاوازە لە بیستنی مرۆڤەکان .

## هەمیشە قەدەری خودا

هەمیشە ،

قەدەری خودا ،

جوانتر بووە لە ویستەکانی ئێمە ،

هەمیشە سوپڕایزەکانی خودای گەورە ،

جیاوازبووە لە هەموو ئەو سوپڕایزانەی بۆمان کراون ،

خودای گەورە زانا و دانایە ،

بیسەر و بیانەیە ،

لێخۆشبوو و میهرەبانە ،

بەتوانا و بەدیهێنەرە ،

ئیدی ئازیز ،

دڵگران مەبە ،

هەمیشە قەدەری خودا ، جوانتر بووە لە ویستەکانی ئێمە

.

دەبێت لەوە جوانتر چی بێت

دەبێت لەوە جوانتر چی بێتبێت ،

خودا خۆی چیرۆکەکەت دەزانێت ،

کەچی تا کۆتایش گوێت لە دەگرێت ،

سبحان الله ، خودایە بمبەخشە ناتوانم بە هیچ وشەی ناوداریێک ، بەهیچ دێڕە شعرێک وەسفت بکەم ، تەنها ئەوەندە دەڵێم سبحان الله

ئازیز تۆ ،

کە سەیری فیلمێک دەکەیت لەگەڵ هاوڕێگاکەت ،

لەگەڵ براکەت لەگەڵ دادەت ، ئەگەر ئەوان چیرۆکی کۆتایی بزانن زوو بێزار دەبن بەدیار بینینی فلیمەکەوە ،

بەڵام خودا هەرگیز بێزار نابێت ،

گەر چی ئەویش تەواوی چیرۆکەکەت دەزانێت .

گەرچی ، ئەویش تەواوی چیرۆکەکەت دەزانێت .

کاتێک متمانەت هەبوو بە خودا

کاتێک متمانەت هەبوو بە خودا ،

**له بیابانی تەنگانەدا ،**

**گوڵ دەڕوێت ،**

**متمانە بوون بە خودا ،**

**ناخۆشیەکان دەگۆڕێت بۆخۆشی ،**

**دڕەکەکان دەگۆڕێت بۆ گوڵ ،**

**دڵەڕاوکێکان دەگۆڕێت بۆ ئارامی ،**

**نائومێدی دەگۆڕێت بۆ هیوا ،**

**ئەستەم دەکات بە کاتوار ،**

**کە متمانەت بەخودا هەبوو ،**

**له هەموو چاوەڕوانیەک ،**

**جوانی بەدی دەکەیت .**

**ئەی دڵ**

ئەی دڵ ،

کە لە خودا دووربوویت ،

ئاواتی خۆشبەختی مەخوازە ،

ئاخر دووربوون لە خودا ،

واتا دووربوون ،

لە خۆشیەکان ،

وەلێ دووربوون لە خودا ،

واتا دووربوون لە ئارامی ،

ئەی دڵ چۆن زاتی ئەوە دەکەیت ،

لە خودا دووربیت و ئاوات بە خۆشبەتی بخوازیت ،

تاوانە تاوانە تاوانە ، دووربیت لە خودا و داوای دڵخۆشی

بکەیت ،

**ئاخر دووربوون  لە خودا واتا دووربوون لە خۆشیەکان .**

## کاتێک خودا

**کاتێک خودا وون دەکەین هیچ بەدەستناهێنین ،**

**کاتێک خودا دەدۆزینەوە هیچ وون ناکەین ،**

**کاتێک خودا سەرەتایەکی نوێت پێدەبەخشێت ،**

**هەڵە کۆنەکانتی تێدا دووبارەمەکەوە ،**

**ئاخر هەڵە کۆنەکان ئەزموونن ،**

**دەبێت بکرێن بە پلیەکانەیەک بۆ سەرکەوتن ،**

**ئاخر چانسێکی نویێ لەلایەن خوداوە ،**

**وەک پەڕەیەکی نوێی سپییە لە ژیانت دا ،**

**کە هیچی تێدا نەنوسراوە ،**

**تۆش هەلەکان بقۆزەوە ،**

بۆ دەستپێکردنەوە بە سەرەتاییەکی جوان ،

کاتێک خودات هەیە ، هەموو شتێکت هەیە .

درەنگ نییە هیچ کاتێک

درەنگ نییە هیچ کاتێک ئازیز ،

بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا ،

هیچ کاتێک درەنگ نییە ئازیز ،

بۆ دەستپێکردنی ،

سەرەتاییەکی نوێ

بۆ سوود وەرگرتن لە هەڵەکان ،

بۆ گوێ نەدان بەوەی خەڵکی چی دەڵێن دەبارەی تۆ ،

نا هیچ کات درەنگ نییە ،

لە دەرگای خودا بدە و بڵێ خودایە بمبەخشە ،

دەرگای تەوبەری پەروەرێن هەمیشە کراوەیە ،

دەرگای هەمووماڵێک دابخرێت دەرگای تەوبەی

پەروەرێن داناخرێت.

## لەچی دەترسیت

لەچی دەترسیت خۆشەویستم ،

کاتێک خودا هەیە ،

لەچی دەترسیت ئازیزم ،

کاتێک دەسەڵاتدارێکت هەیە ،

کە دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا ،

★ان الله على كل شىء قدير ، ★

توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ،

توانای بەسەر ئەستەمەکان ،

بەسەر بوونی خەیاڵەکان بە کاتوار ،

بەسەر بوونی خەونەکان بە کاتوار ،

لە چی دەترسێیت کاتێک خودایەکت هەیە ،

دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو دەسەڵاتدارێک .

ئارامی ڕاستەقینە

زۆرجار ئێمە وا هەست دەکەین ،

ئارامی ڕاستەقینە ،

لە بەدیهێنانی خەونەکانماندایە ،

لە بوونە کاتواری خەیاڵەکاندایە ،

خەیاڵەکانی وەک هێنانی کچی شازادەی فەڕەنسا ههه ،

بەڵام ئازیز ،

ئەمانە تەنها هۆکارگەلێکی کەمن بۆ دۆزینەوەی ئارامی ،

ئارامی ڕاستەقینە ،

لە تەوبەکردن و داوای لێخۆشبوونە لە خودای گەورە ،

ئارامی ڕاستەقینە ،

هەموو ڕۆژێک پێنج جار بانگت دەکات ،

ئەگەر ئەتۆش ناچیت بە دەم ئەو بانگکردنەوە داوای ئارامی مەکە .

## ئەزموون گەلێکن

ئاشقبوون ،

یاریکردن ،

خەیاڵکردن ،

تاوانکردن،

هەڵەکردن،

هەموو ئەمانە ئەزموون گەلێکن بۆ فێربوون ،

هەموو ئەمانە خاڵێکی ڕەشنین نوسرابن لەسەر نێوچەوانی ئێمە ،

ئەمانە ئەزموونن بۆ فێربوونی ژیانکردن ،

ئەمانە ئەزموونن نەک هەڵە !

ئاخر سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار

ئاخر منداڵ تانەکەوێت فێرنابێت چۆن ڕێبکات ،

ئەمانە هەمووی تەنها ئەزموون گەلێکن .

هەمووان

هەمووان هەڵەمان هەیە ،

بەڵام بوونی هەڵەش لە ژیاندا ،

مانای خاڵی کۆتایی ڕستە نییە ،

هەموومان هەڵەدەکەین ،

بەڵام مانای ئەوەنییە نەتوانین فێربین ،

مرۆڤ شایەنی هەڵەکردنە ،

چونکە مرۆڤ لە هەڵەکردنەوە فێردەبێت ،

ئاخر خودای میهرەبان دەفەرمووێت

★ كل بني ادم خطاء ★

هەموو نەوەی ئادەم هەڵەدەکات ،

دەی ئێمەش نەوەی ئادەمین خۆشەویستم ،

هەڵەدەکەین سەرپێچی دەکەین ، بەڵام دەرگای تەوبە دانەخراوە .

پەشیمان بوونەوە

پەشیمان بوونەوە شەرم نییە ،

پەشیمان بوونەوە لە پەیوەندیەکی تایبەت ،

شەرم نییە ، بەڵکو مەردیە ،

ڕاستە بە ئازارە ،

ڕاستە دڵشکێنەرە ،

بەڵام ئەمما ئێمە پێویستە دڵمان بشکێت ،

بۆ ئەوەی فێرببین چۆن ژیان بکەین ،

ئەمما پێویستە بگرین ،

بۆ ئەوەی باش بژین ،

وەلێ پێویستمان بەوە هەیە بشکێین ،

بۆ ئەوەی ڕووناکایی بێتە نێو ناخمان ،

ئەمما بۆ ئەوەی بزانین کێ بەڕاستی لەگەڵمانە .

ژیانی ڕاستەقینە

ئازیز ،

ژیانی ڕاستەقینە ئەم دونیایە نییە ،

ئەم ژیانە تەنها تاقیکردنەوەیەکە ،

بەڵام تاقیکردنەوەیەکی جیاواز ،

لێرە فێردەکرێین پاشان تاقیدەکرێینەوە ،

ژیانی ڕاستەقینە لە بەهەشتە ،

ئەم ژیانە ئەم دونیایە زیندانە بۆ باوەڕداران ،

بەهەشتیشە بۆ کافرەکان ( بێباوەڕان )

خۆشەویستم ،

وەلێ ژیانی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا ،

ژیان تاقیکردنەوەیە ،

وەلێ تاقیکردنەوەیەکی جیاوازتر لەوەی قوتابخانە .

سەرکەوتنی ڕاستەقینە

سەرکەوتنی ڕاستەقینە ،

بردنەوەی یاریەکی وەک کلاسیکۆ نییە ،

سەرکەوتنی ڕاستەقینە ،

بەدەست هێنانی نازناوێکی تاکەکەسی نییە ،

سەرکەوتنی ڕاستەقینە ،

بوونە کاتواری خەونەکان و ئامانجەکانمان نییە ،

بەڵکو سەرکەوتنی ڕاستەقینە ،

بردنەوەی قیامەتە ،

بەدەست هێنانی بەهەشتە ،

سەرکەوتنی ڕاستەقینە مانای ئەوەنییە هەرگیز شکست نەهێنیت ،

سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە چەندجار بکەویت ، بەڵام بتوانیت هەڵبستیتەوە .

## دۆزینەوەی خۆمان

دۆزینەوەی خۆمان ،

لەوەوە دەستپێدەکات کە خودامان دۆزیبێتەوە ،

وەک پیاوچاکێک دەڵێت ،

ئەوکاتەی خودام ناسی ،

خۆمناسی ،

ئەوکاتەی خودام دۆزیەوە ،

خۆم دۆزیەوە ،

کەسێک خودا نەناسێت ،

خۆشی ناناسێت ،

کە خودات ناسی ،

خۆشت دەناسیت ،

دۆزینەوەی خودا ، پەیبردنە بە دۆزینەوەی خۆمان .

خوود ناسی

خوود ناسی ،

واتا قبوڵبوون ،

واتا قبوڵبوونی هەڵەکانت ،

قبوڵبوونی ئەوەی تۆ کێیت ،

قبوڵبوونی خاڵە لاوازەکانت ،

قبوڵ بوونی خاڵە بەهێزەکان ،

قبوڵ بوونی ئەوەی کەتۆ ماسک ناکەیت ،

وەلێ خوود ناسی لەو کاتە دەستپێدەکات ،

کەتۆ ،

بتوانیت خودا بناسیت ،

چونکە دۆزینەوەی خوود لە دۆزینەوەی خودایە ،

ناسینی خوودی خۆشت لە ناسینی خوداوەیە .

## خۆت بە

خۆت بە ،

بەڵام ئەمما خۆت بوون ئەوە نییە بڵێی من دیارم ! ،

نا ئەمە خۆبوون نییە ،

خۆبوون واتا قبوڵبوونی هەموو ئەوەی کە هەتە ،

وەک چۆن ئاشقێک بۆ مەعشوقی کە هەموو شتێکی قبوڵ دەکات ،

یاخوود بۆ بەندەیەک لە هەموو قەزا و قەدەری خوداکەی قبوڵ دەکات ،

قبوڵی دەکات کە خودا بەو شێوەی بەدیهێناوە ،

ئەوەیە واتا خۆبوون ،

خۆبوون واتا نەبوونی ماسکێک ،

لە کاتی بوون لە نێو خەڵکیدا و لە کاتی تەنهاییدا .

ئەو باشتر دەزانێت

ئەو باشتر دەزانێت ،

چی شتێک بۆ تۆ باشە ،

ئەو باشتر دەزانێت ،

چ دەرمانێک بۆ نەخۆشیەکەی تۆ باشە ،

ئەو زاتە ئەوەی پێویستە ئەیدا بەتۆ ،

نەک ئەوەی کە ئەتۆ دەتەوێت ،

ئەو خودایە ،

خودایەکی تاک و تەنها ،

بۆ ئەو کەسانەی لەو دوورن دکتۆریانە ،

بۆ ئەوانەشی لەو نزیکن خۆشەویستیانە ،

هەڵبژاردن بەدەستخۆمانە ،

خۆشەویستمان بێت ، یان وەلێ دکتۆرمان بێت .

## هەندێک کات

هەندێک کات دەرگاکان دادەخات ،

پەنجەرەکان دادەخات ،

ئەمما نەوەک ڕقی لێنیت ،

بەڵکو خۆشیدەوێیت ،

لەوەیە لەدەرەوە تۆفانێک بێت ،

هەندێک جار ،

خودا تۆ ئەهێڵێتەوە ،

لەنێو ناوچەکەت دا ،

لەنێو ناوچەی ئارامی ،

لەنێو بۆکسەکەتدا ،

بۆ ئەوەی زیاتر لەخوودی خۆت بگەیت ،

بۆ ئەوەی بتوانیت زیاتر فێربیت و زیاتر لە شتەکان بگەیت .

ڕێگاکەت دەگۆڕێت

هەندێک جار ڕێگاکەت دەگۆڕێت ،

هەندێک جار هەست دەکەیت بەرەو ڕێگایەکی جیاواز دەڕۆیت ،

هەندێک جار هەست دەکەیت ئەمە ئەو ڕێگایە نەبوو کەتۆ ویستت بوو ،

هەر خۆشت هەستت پێنەکردووە و قاچەکانت بەرەو گۆشەیەکی جیاواز ڕۆیشتووە ،

بەڵام ئەو ڕێگایە ڕێگا ڕاستەکەیە ،

چونکە خودا ڕێگاکەت هەندێک جار بۆ ئەوەی بگەیت بەڕێگا ڕاستەکە ،

ئەو قاچانەت خۆی بەرەو چارەنووسەکەت دەتبەن ،

ئەو نایەت بۆلای ئێمە ، وەلێ خۆمان بەرەو

چارەنووسەکەمان دەڕۆین وەک چۆن مردن بەرەو ڕووی

ئێمە نایەت ، ئێمە خۆمان قاچەکانمان بەرەو مردنمان دەبەن .

## مەنجەڵ و سەرقاپ

من پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکەم وەک مەنجەڵ و سەرقاپێک چواندووە ،

بەڵام حیکمەتێکی زۆر ناوازەی تێدایە ،

هەمیشە وتوومە ئەگەر دوو کەس جیابوونەوە لە پەیوەندیەکی تایبەت ،

چونکە ئەگەر دەبینین لە ژیانی ڕاستەقینەمان دا ،

ئەگەر مەنجەڵێک سەرقاپەکەی خۆی نەبێت بۆشی تێدەکەوێت ،

ئەم بۆشەش واتا نەگونجان ، واتا لێک نەگەیشتن لە پەیوەندی تایبەتی ،

دەی ڕۆژێک دڵنیابە خوشک و برا ئازیزەکانم ،

مەنجەڵ و سەرقاپەکەی ئێوەش دێن ،

ئیدی هیچ بۆشێک نابێت ،

تەواو بۆ یەکدی بەدیهێنراو و لە چارەنووسی یەکدی نوسراوە .

## کۆتایی نییە

کۆتایی نییە ،

جیابوونەوەی تۆ و ئازیزەکەت ،

کۆتایی نییە وەرنەگیرانت لەو بەشەی ئەتەوێت ،

کۆتایی دوونیا و ژیان نییە ،

کەتۆ نەبوویت بە پزیشک ،

کە نەبوویت بە ئەندازیار ،

دەی تۆ باشتر دەزانیت لە چارەنووسی خودا ،

دەی دیارە ئەمە لەنێو چارەنووسی تۆ نەنوسراوە ،

کێ ئەیوت ئەگەر ئەتۆ ببیت بە پزیشک ،

سەرکەوتوودەبیت ،

هەموو کاتێک بڕیارەکانی خودا ،

لە حەزەکانی خۆمان جوانتر بووە هەمووکات .

خێری تیایە

ئەو بارودۆخەی ئێستا تێیدایت ،

خێری تێدایە ،

نەبوونی نیوە ونبووەکەت ،

خێری تیایە ،

هەژاریت ، دەوڵەمەندیت ، سەڵتیت ،

خێری تێدایە ،

خودای گەورە ئەوەی خێر و حیکمەت و ڕەحمەت نەبێت
،

نایهێنێتە سەر ڕێگای بەندەکەی ،

ئەمما لەوانەیە خێرەکەی لە دونیا نەبێت ،

بەڵام خودای گەورە خێرەکەی دوادەخات بۆ ڕۆژیی دوایی
،

دڵتەنگ و غەمگین مەبە ،

ئەوەی خودا بۆت هەڵدەبژێرێت خێری تێدایە .

قەدەر

قەدەر زوڵم لە هیچ کەس ناکات ،

ئەوەی زوڵم لەیەکدی دەکەن ،

مرۆڤەکانن نەک قەدەر ،

قەدەر جوانترین بڕیارە ،

کە بەدەست پەروەردگارێکی میهرەبانە ،

هەوڵی تۆڵەکردنەوەش مەدە ،

قەدەر دادپەروەرانە هەموو شتێک یەکلایی دەکاتەوە ،

ئەوەی زوڵم لە ئێمە دەکات خۆمانین ئازیز ،

قەدەر نییە ،

ئێمە هەموو شتێک دەخەینە پاڵ قەدەرەوە ،

وەک ئەوەی ئێمە خۆمان هیچ تاوانێکمان نەبێت .

وەک ئەوەی ئێمە فریشتە بین و پاک و بێگەرد بین .

دەیدەینە پاڵ

تەنها بۆ ئەوەی خۆمان بێتاوان بین ،

هەموو شتێک دەدەینە پاڵ کەسێکی تر ،

وا دەزانین ئێمە فریشتەی پاک و بێگەردین ،

دەبێت هەموو تاوانەکان بۆ کەسێکیتر بێت ،

دەبێت هەموو هەڵەکان بدەینە پاڵ خەڵکی ،

بۆچی وابکەین ؟

بۆچی دان بە هەڵەی خۆمان دانەنێین ،

ئیدی با بەسبێت ئازیز ،

با شەرم نەکەین لەوەی بڵێین ئێمە تاوانبارین ،

هەڵەی تۆ نییە هەڵەی منە ،

تاوانی تۆ نییە تاوانی منە ،

خۆ دونیا کۆتایی پێ نایەت خۆشەویستم .

با ڕانەکەین

**با ڕانەکەین ئازیزم ،**

**با ڕانەکەین لەوەی بڵێین تاوانبارم هەڵەم ،**

**با ڕانەکەین لەمردن ،**

**خۆ مردن بەدوای ئێمەوە نییە ،**

**ئێمە خۆمان وەک چۆن بە قاچەکانی خۆمان دەڕۆین بۆ لای چارەنووس ،**

**بەهەمان شێوەش بە قاچاکانی خۆمان ئەچین بۆ لای مردن ،**

**با ڕانەکەین ئازیز ، باڕانەکەین ،**

**ڕاکردن هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت ،**

**ئەوە ئێمەین واهەست دەکەین بە ڕاکردن باش دەبین ،**

**ئەمەوێت پێت بڵێم ئازیز ،**

ئەگەر نەتوانیت لە ئازارێک ڕابکەیت ، لێی ڕادێیت .

کێشەیەک نییە

خۆی لە کاتواردا کێشەیەک نییە ،

ئەوە خوودی خۆمانین کێشە دروست دەکەین ،

خۆی لە ڕاستیدا غەمگین بوونیش هەندێک جار بەدەستخۆمانە ،

ئەسڵەن ئازیز کێشەیەک نییە لە ڕۆیشتنی کەسێک لە ژیانماندا ،

ئەوە ئێمەین وا دەزانین دونیا لە شوێنی خۆی وەستاوە ،

لە کاتێکدا کاتەکان دەڕۆن ،

وەرزەکان تێپەڕدەبن ،

یادگاریەکانیش لە یاد دەچنەوە ،

زەینیش و دڵیش بەبێ ئەو ڕادێن ،

ئیدی کە ئێمە دەزانین کێشەیەک نییە ئەسڵەن بابە ئەگەر کەسێک دەیەوێت بڕوات لە ژیانماندا ،

ئیدی بۆچی خۆمان بکەینە مامە خەمە ، بۆچی ئازیزم هم .

دەڕۆن

یادگاریەکان ،

ناخۆشیەکان ،

شادیەکان ،

گریانەکان ،

دڵتەنگیەکان ،

دەڕۆن نامێننەوە ،

ئەوانە نەهاتوون هەتاوەکوو کۆتایی لەلای تۆبن ،

ئەوا هاتوون میوانێکی کورت خایەنت بن ،

ئەوان دەزانن ،

دەزانن کە میوان زۆر بمینێتەوە ڕەزای گران دەبێت ،

تۆش بەجوانی بەخێرهاتن لەو میوانە ئازیزە بکە ،

ئەمما دڵی مەڕەنجێنە ، چونکە لەوەیە هەتا هەتا نەگەڕێتەوە .

## هەرچەندە

هەرچەندە شەوەکان درێژ بن ،

هەر ڕۆژی سبەینێ هەڵدێت ،

هەرچەندە ڕۆژەکان چەندە درێژ بن ،

مانگی شەویش دەردەکەوێت ،

هەر چەندە پەت چەندە درێژ و توند بێت ،

لە کۆتایدا هەر دەپسێت ،

تۆش چەندە بگریت ،

چەندە ئازار بکێشیت ،

چەندە غەمگین بیت ،

هەر کۆتایی دێت ،

ئەوەندەت پێ دەڵێم گیانم ،

ڕۆژێک دێت خۆری سبەینێی تۆش هەڵدێت .

گران نییە ،

گران نییە ژیان بەبێ ئەو ،

گران نییە بەبێ ئەوی ،

گران نییە ئەسڵەن چونکە بەبێ ئەو ژیاویت و بەبێ ئەویش دەژیت ،

دەتوانیت ،

گران نییە ،

دەبێت بزانیت تۆ بێ ئەو لەدایک بوویت ،

پێش ئەویش ژیاویت ،

ئیدی چۆن بەخۆت دەڵێی ،

گرانە گرانە گرانە ، من ناتوانم بێ ئەو بژیم ،

نا ئەمما دەتوانیت تۆ زۆر لەوە بەهێزتریت ،

وەلێ ئەمانە هەمووی کاتین ،

ڕۆژێک دێت پێیان پێدەکەینت و بزەیەکیان بۆ دەکەیت .

## ئەستەم نییە

ئەستەم نییە ژیان بێ یار ،

ئەستەم نییە ژیان بێ نیوە ونبوو ،

تۆ ئەتوانیت نیوە ونبووەکەی خۆت بدۆزیتەوە ،

لە ئارەزوویەک ،

لە خولیایەک ،

ئەستەم نییە بارودۆخت لە هەژاریەوە ببێتە دەوڵەمەندی
،

ئەستەم نییە فێری زمانێک ببیت ، ئەستەم نییە هەموو قورئان لەبەر بکەیت ،

ئەستەم نییە فێری نوێژ بیت ،

ئەستەم نییە ئەستەم نییە ، تەوبە بکەیت ،

ئەستەم نییە بگەڕێیتەوە لای خودا ،

هەمووی ئەوەی پێویستە ، تەنها یەک هەنگاوە زیاتر نا .

## زیاتر نییە

زیرەکی تۆ ، لە زیرەکی کەس زیاتر نییە ،

ئەوەی زیاترە هەوڵدانی تۆیە ،

زیاتر خەریک بوونتە بەو کارەوە ،

بەو خولیاو و ئارەزووتەوە ،

دڵخۆشی تۆ زیاتر نابێت ،

وەلێ لەدڵی خۆتدا خۆت غەمگین بکەیت ،

ژیانی هیچ کەسێکیش لە ژیانی هیچ کەس زیاتر نییە ،

مەگەر خودا ویستی لەسەر بێت ، بۆ ئەوەی بیەوێت تەوبە بکات ، یان پەنا بەخودا تاوانەکانی زیاتر بکات و زیاتر ڕۆبچێت ،

هەموو هیوایەکت ،

بەخودا هەبێت ،

ئەو لێت خۆشدەبێت .

ئەسڵەن

ئەسڵەن تۆ بێ ئەو دەتوانیت بژیت ،

ئەسڵەن تۆ پێش ئەویش ژیاویت ،

ئەسڵەن دەتوانیت دوای ئەویش بژی بابە ،

ئێ بابە خۆ ئەو کچی شازادەی فەڕەنسای نییە ،

وا هات و هاوارت بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان بۆی ،

ئەسڵەن کێشە نییە کە نییە ،

بیربکەوە ، ئەسڵەن ئەگەر ئەتۆی ویستبا ،

تۆی بەجێنەدەهێشت ،

ئەسڵەن کێشە نییە ،

بەخۆت بڵێ ئەسڵەن من ئەتوانم بەبێ ئەو بژیم ،

ئەتوانم بەردەوامی بە فێربوون و ئاواتەکانی خۆم بدەم ،

بەردەوامی بدەم بە بنیاتنانی خودی خۆم .

ئیتر

ئیتر ژیان وایە ،

ئیدی بەجێمان دەهێڵن ،

بەڵام ئێمە تەنها نین ،

ئێمە خودامان هەیە ،

با بڕۆن بۆ ئەوەی بزانن ،

ژیان بێ ئەوانیش هەر بەردەوامە ،

بابڕۆن ئێمە ئیتر دەتوانین بێ ئێوە بژین ،

بوونتان جوانە ، بەڵام ئیتر خۆ نەبوونیشتان کارەسات نییە

،

بوونتان موعیجزە نییە ،

تا ڕۆیشتنتان ببێتە کارەسات ،

ئیتر دەتوانن بڕۆن ،

ئێمە لەگەڵ ئێوە و بێ ئێوە هەر هەین .

لەگەڵ ئێوە

لەگەڵ ئێوە جوانین ،

بەڵام ئەمما مانای ئەوە نییە بێ ئێوە جوانترین نەبین ،

پێمان باشترە کاتەکانی ژیانمان لەگەڵ ئێوە بەڕێ بکەین

،

وەلێ خۆشیەکان و ناخۆشیەکانیش بەیەکەوە ،

ئەینا ئێمە هیچ کارێکمان بەئێوە نییە تەنها لە کاتە

خۆشەکاندا ،

ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ ئێوە کاتە خۆشەکان و

ناخۆشەکان بەڕێیکەین ،

وەلێ بەبێ ئەوەش هەر بەهێزین و ئەتوانین ،

وەلێ ژیانمان لەگەڵ ئێوە و بەبێ ئێوە هەر جوانە ،

وەلێ ئەمانەوێ پێتان بڵێین ،

ئێمە لەگەڵ ئێوە و بەبێ ئێوەیش هەر هەین ،

دەتوانین بەبێ ئێوە و لەگەڵ ئێوە .

# ئەبێت چەند جوان بێت

ئەبێت چەند جوانبێت ،

گرنگی دان بە ناخ ،

ئەبێت چەند جوانبێت ،

بوونی کەسێک کە خودی خۆمانی بوێت ،

نەک سامان ، زیرەکیمان ، ناوبانگمان ،

ئەمما چەندە جوانە کەسێک لەبەر خاتری خودا ،

ئێمەی خۆشگەرەک بێت ،

وەلێ گەرەکمە پێتان بڵێم ئەبێت چەندە جوان بێت ،

ژیان لەگەڵ  نوێژەکان ،

خوێندنەوە لەگەڵ نوێژەکان ،

ئیدی شێوازێکی تری ژیان و دونیا بینینێکی جیاوازت بۆ دروست دەبێت .

## دەنگێک هەیە

دەنگێک هەیە ،

زیاتر لە دەنگەکانی ،

سروشت ،

میوزیک ،

ئاو ،

ئارامترە ،

ئەویش دەنگی قورئانە ،

ئەبێت چەند ئارام بێت ناخی ئەو کەسەی ،

کە هەمیشە قورئان بەگوێیەکانیدا دادەرێت ،

ئەبێت چەندە شاد بێت ناخی ئەو کەسەی ،

کە شەوانی بە قورئان خوێندن کۆتایی پێدێت ،

ڕۆژیشی بە خوێندنەوەی قورئان دەستپێدەکات .

ابن حجر

ئارام بگرە ،

ڕۆژێک ابن حجر زۆر ماندوو بێتاقەت بوو ، وتی ئیدی من تاقەتی خوێندن و زانستم نەما ، ڕۆیشت و دەستی هەڵگرت ،

کە لەڕێگا بینی ئاو دڵۆپە دڵۆپە بەردەبێتەوە و بەردەکەی خوارخۆی کون دەکات ئیدی ابن حجریش ، بەڵێنی بەخۆیدا بەردەوام بێت لە فێربوونی زانست و زانیاری زیاتر ، دەی تۆش ئارام بگرە ئەو بەلوعەیەی تەنکیەکەتان

ئەگەر پڕیشک پڕیشک ئاوی لێدێت و سەتڵێکی لەبەرامبەر دابنێیت تا ئێوارە پڕی دەکات ،

ئەمە هەمووی وانەیەکە بۆتۆ ،

کە پێت دەڵێت ،

ئارام بگرە ،

هەموو شتێک بە ئارامی جوانە ،

پێویست ناکات هیچ پەلەیەک بکەین ، پەلەکردن لە شەیتانەوەیە .

## هەڵپەکردن

پێغەمبەر خودا د.خ لەسەربێت دەفەرمووێت ،

پەلەکردن لە شەیتانەوەیە و ئارامیش لە خوداوە ،

ئازیزانم پێویست ناکات بۆ هەموو کارێک هەڵپە هەڵپ بکەین ،

هەڵپە هەڵپ ( پەلەکردن ) تەنها بۆ کاری خێرنەبێت باش نییە ،

وەک دەفەرموون ★ پەلەکردن لە کاری خێردا خێرە ★

ئازیزان زۆرجار پەلەکردن لە بڕیاردان بۆ هەندێک شت وەسواسی شەیتان دەهێنێتە خەیاڵمانەوە ،

با ئێمە ئارام بین و ئارامبگرین ، خودا لەگەڵ ئارامگرانە ،

پێویست ناکات هەڵپە هەڵپ بکەین بۆ کڕینی مۆبایلێک ، یاخوود ئۆتۆمبێلێک ، کاتی خۆی بێت هەر دەیکڕیت ئیدی پێویست بە هەڵپە هەڵپ ناکات ،

زۆرجار بە هەڵپەکردن بۆ کارێک دڵی کەسانی تریش لەخۆمان ئەهێشێنین .

# ڕووی شەیتانی

هەندێک جار مرۆڤەکانیش ،

ڕووی شەیتانیان هەیە ،

لەکاتە تاریکەکاندا ،

هەندێک جار مرۆڤەکان ،

ڕووی شەیتانی خۆیانت پێشان دەدەن لەو کاتەی
توڕەیان دەکەیت ،

هەندێک جار ڕووی مرۆڤ زۆر لە شەیتانیش قێزەونترە ،

وەلێ ئێمە هەموو کاتێک ئەو ڕووە نابینین ،

هەموو کاتێک شاد نابین بە ڕووی دووەمی هەموو
کەسێک ،

مەگەر لەوکاتە نەبێت ئێمە هەڵەیەکی بەرامبەر دەکەین ،

وەلێ هەندێک کاتیش هەندێک کەس دەیەوێت هەڵەیەکمان لەسەر بگرێت ،

بۆ ئەوەی ڕووی شەیتانی خۆیمان پیشان بدات .

## توڕە بوون

ئازیزێک هەمیشە ئامۆژگاری ئەوەی دەکردم ،

دەیوت دیار توڕە مەبە ، ئەوەی توڕەببێت بە پەشیمانی دائەنیشێتەوە ،

توڕە بوون لە شەیتانەوەیە ،

توڕەبوون قینەی و توڕەیی شەیتانە بۆ مرۆڤ ،

ئەوکاتەی توڕەیت ئازیز ،

دەست نوێژێک هەڵبگرە و دوو ڕکات نوێژی سونەت بکە

،

یاخوود تاوەکوو ١٠ بژمێرە ،

وەلێ دەتوانین شوێنەکە بەجێبهێڵیت ،

وەلێ توڕەبوون هەندێک جار دڵی مرۆڤەکان دەشکێنێت

،

وەلێ هەندێک قسەی کاتی توڕەبوونیش لە ئارامیدا

بیری لێکراوەتەوە .

دڵی کەس مەشکێنە

ئازیز ،

هەرگیز دڵی بەندەی خودا مەشکێنە ،

ئاخر دڵشکان ئەوەندە ئاسان نییە ،

ئاخر هەموو کاتێک بەداوای لێبوردنێک ئەو دڵە چاک

نابێتەوە ،

وەلێ ئەوانەی دڵ دەشکێنن دەردن بۆ دڵ

★ دەریان بکەن لە دڵ ، ئەوانەی دەردن بۆ دڵ ★

دڵشکان ئازارێکە هەرگیز هیچ نووسەرێک ناتوانێت

بەهیچ وشەیەک ئەو هەستە دەرببڕێت ،

تەنها خودی کەسەکە نەبێت ،

★ دڵشکان کۆتایی بەهەموو ئەو کەسانە دەهێنێت ،

وەلێ کە ڕۆژانێک ئەهلی دڵ بوون ★

دەریان کەن لەدڵ ، ئەوانەی دەردن بۆ دڵ .

پاشا

لەدڵدا پاشایەک هەیە ،

ئەگەر ئەو پاشایە باش بێت ،

هەموو سەربازەکان باشدەبن ،

ئەگەر ئەو پاشایە خراپ بێت ،

هەموو سەربازەکان باشدەبن ،

ئەگەر ئەو پاشایە ڕق و قینەی هەبێت ،

سەربازەکانیشی بەهەمان شێوە دەبن ،

ئەگەر ئەو سەربازە ،

میهرەبان بێت ،

سەربازەکانیش میهرەبانن ،

دەی ئەو پاشایە دڵە !

بزانە دڵیت دەکەیتە چ پاشایەک خۆشەویستم چ پاشایەک .

## درۆ ناکات

لێوەکان درۆ دەکەن ،

بەڵام ئەمما چاوەکان نا ،

هەمیشە لە چاوەکاندا ،

ڕاستەیەکان بەدی دەکرێت ،

بەڵێ وەک چۆن بە بینینی ئازیزێکت ،

ئەگەر بە لێو خەندەیەکی بۆ نەکەیتیش ،

بیلبیلەی چاوەکانت گەورە دەبن ،

لێوەکان درۆ دەکەن ،

وەلێ چاوەکان نا ،

چاوەکان ،

ڕاستیەکان دەڵێت ،

وەلێ بەبێ زمان خۆی دەدوێت .

شەیدابوونێک

شەیدابوونێک بۆت شەیدابووم خودایە ،

وەلێ وەک منداڵێک چەندین ساڵ دوورە ،

دوورە لەباوەشی دایکی ئازیزی ،

شەیدابوونێک شەیداتم خودایە ،

بۆ دیدارت ، کە هەینی بۆ هەینی چاوەڕوانم ،

خودایە لێم ببورە ، هەندێک جار دەمەوێت بە خەیاڵ بگەمە لات ،

خودایە ئەوەندە شەیداتم ،

کە ڕۆژانە ٥ جار بەرەو ڕووی دەنگەکەت دێم ،

وەلێ خودایە ،

شەیداتم ،

شەیدای دیدارت ،

شەیدای یەکجار بینینت خەمی هەموو دونیامان بیردەباتەوە .

## زیندانی ڕاستەقینە

زیندانی ڕاستەقینە ،

زیندانی بنکەکانی پۆلیس نییە ،

بەڵکو زیندانی ڕاستەقینە ،

ئەم دونیایە بۆ ئێمە ،

وەک ڕەسولی خودا دەفەرمووێت ،

دونیا زیندانە بۆ ئیمانداران ،

بەهەشتیشە بۆ کافران ،

وەلێ ڕۆژێک دێت ،

کاتی ڕزگاربوونی ئێمەیە ،

کاتی ڕزگاربوونی هەر یەکێکمانە ،

لەم زیندانەدا ،

ئیدی بۆ هەمیشە بە ئارامی دەژین لەوێ .

## ئازادی

ئازادی مانای ئەوە نییە جلەکانت تاوەکوو ئەژنۆت کورت بن ،

ئازادی مانای ئەوەنییە پانتۆڵەکەت تەسک بێت !

ئازادی مانای ئەوەنییە جنێو بە پەروەرێن و بێدینی خۆت ڕابگەیەنیت ،

ئازادی مانای ئەوەنییە ئیدی تەواو بۆ هەمووشتێک ئازادیت کە بیکەیت ،

ئازادی ڕاستەقینە لە ئیسلامدایە ،

که هەموو شتێکی یەکلاکردۆتەوە بە یەکسانی ،

حەق و ناحەق ،

حەڵال و حەرام ،

بەڵام بەداخەوەم هەندێکمان وەک ڕۆتینێک دینمان گرتووە ،

نەک وەک ڕێچکە و پڕۆگرامی ژیان .

ئافرەت

جوانی ئافرەت لە سێ شت دایە ،

دینەکەی ،

ڕەوشتەکەی ،

حیجابەکەی ،

شەرمەکەی ،

**وەلێ دەڵێن ئافرەتی شەرمن شارێک دێنن ،**

**کوڕی شەرمن شانەیەک ،**

**با ئەوەندەش نەڵێین ئافرەت پارە پەرستە ، ئاسن پەرستە ،**

**دایکی کێمان لەبەر بێ پارەیی ،**

**باوکمانی جێهێشتووە ،**

**پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێت ، باشترین ئیماندار باشترین ڕەوشتی هەیە ، وە باشترینتان باشترینە بۆ خێزانەکەی .**

## پێویستە بزانین

**پێویستە بزانین ،**

**لە چ کاتێکدا قسە دەکەین ،**

**لە چ کاتێکدا بێدەنگ دەبین ،**

نەک تەنها لەگەڵ ڕێزم قسە فڕێ بدەین ،

یان قسەیەک بکەین هیچ مانایەکی نەبێت ،

وەک سوقرات دەڵێت ،

قسەکردن و بێدەنگی لەکاتی خۆیدا ،

نیشانەی ژیریە ،

ئازیزم ،

قسەکردن کاریگەری خۆی هەیە ،

قسەیەک دەکرێت ژیانێک وێرانبکات ،

قسەیەک دەتوانێت ئاگرێک بکوژێنێتەوە .

## ئافرەت لە ئیسلامدا

لەلای بابلی و ئاشووری ئافرەت دەکڕدرا و دەفرۆشرا ،

لەلای فارسەکان زۆر باوبوو هاوسەرگیری لەگەڵ دایک و خوشک و پور بکرێت ،

لەلای یۆنانیەکان هاوسەرگیری لە ڕێگەی کڕینەوە ئەنجام دەدرا ،

لەلای ئیسلام مافی تەواوی ئافرەت هەیە ،

ئەگەر مارەیی بۆ خێزانەکەی دیاری کرد و پێی نەدا ئەوا دز و تاوانبارە ،

ئەگەر لێی بدات و ئیهانەی بکات ئەوا کەسێکی بێڕێز و خراپە ،

ئەگەر تەڵاقی بدات بۆی نییە هیچ شتێکی لێ وەربگرێتەوە ،

هەرکەسێک تۆمەتی خراپی دروستکرد بۆ ئافرەتی داوێن پاک

ئەوا هەشتا جەڵدەی لێ دەدرێت ، ئێستاش دەڵێن ئیسلام مافی ئافرەت نادات ؟ .

سوپاس خودایە کە لەسەر دینی ئیسلامین سوپاس خودایە .

## هێزی وشە

وشەیەک ،

دەتوانێت دڵێک شاد بکات ،

ئەمما تیرێک دەتوانێت دڵێک تەنگ بکات ،

وشەیەک دەتوانێت وا لەکەسێک بکات خەونەکەی بکات بە کاتوار و هەوڵی بۆ بدات ،

وشەیەک دەتوانێت وا لەکەسێک بکات بۆ هەمیشە خۆزگە بە بوونی خەونێکەوە بخوازێت ،

وشەیەک دەتوانێت ژیانێکی پڕ چێژ و لەزەت دروستبکات ،

هەروەها وشەیەک دەتوانێت ژیانێک وێران بکات ،

وشە تیرێکە کە لەدەم دەرچوو ،

ئیدی گەڕانەوەی ئەستەمە ،

هیچ گەڕانەوەیەک نابێت هیچ .

بابەسبێت

بابەسبێت ئازاردانی یەکدی ،

بابەسبێت دڵتەنگ کردنی یەکدی ،

بەس بێت ، بەس بێت ، بەس بێت ،

لۆمەکردنی خۆمان و یەکدی ،

بەس بێت پەنجە درێژ کردن بۆ کەسی بەرانبەر لەبەر هەڵەیەکی خۆمان ،

بەس بێت تاوانی خۆمان بدەینە پاڵ یەکیتر ،

با بەس بێت بڵیین ئەوە چەند جوانە تیاح !

با بەس بێت بڵێین نا ئەوە حەتمەن بۆیە نەهاتووە خەریکی ئیشێکە ،

بابەس بێت بڵێن ئەوە وایە ئەوە وابوو ،

با بەس بێت خودا ئاگادارە بە ڕاستیەکان ،

با بەس بێت قسەهەڵبەستن بۆ یەکدی بەس بێت بەس .

## گرنگ نییە

گرنگ نییە ،

قورئانێک لە گیرفانمان ، لە مۆبایلەکەمان هەبێت ،

گرنگ ئەوەیە ئایەتێک لە ڕەوشتمان هەبێت ،

گرنگ نییە چەند قورئان لەبەر دەکەین ،

چەندە جار خەتمی دەکەین ،

گرنگ ئەوەیە کردەوەی پێبکەین ،

گرنگ نییە ،

بە ڕواڵەت چۆنیت ،

گرنگ ئەوەیە لەناخەوە چۆنیت ،

گرنگ نییە خەڵکی چۆن تۆ دەبینن ،

گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت چۆن دەبینیت ،

گرنگ نییە  چۆن بوویت ، گرنگ ئەوەیە ئێستا چۆنیت

.

# مەرج نییە

مەرج نییە ئەوەی هەمیشە دڵخۆش بێت ،

ژیانی بەزمانی خۆمان های لایڤ بێت ،

مەرج نییە ئەوەی هەمیشە پێدەکەنێت ،

هیچ خەمێکی نەبێت ،

لەوەیە لە پشت خەندەکانی ،

لە پشت پێکەنینەکانی ،

خەمێکی شاراوە هەبێت ،

مەرج نییە ئەوەی هەمیشە ئێوە دڵخۆش دەکات بێ کار بێت ،

لەوەیە بیەوێت خەمەکەی خۆی لەگەڵ ئێوە بەپێکەنین بە کۆتا بهێنێت ،

مەرج نییە ئەوەی بە قوڵی و وردی لێت دەڕوانێت ،

خۆشیبوێیت .

لەوانەیە

لەوانەیە خودا تاریکی ڕەوانەی سەر دڵت بکات ،

تاوەکوو قەدری ئەو نیعمەتانە بزانیت ،

خودا بەبەخشینیان منەتی کردووە لەسەرت ،

لەوانەیە خودا بێبەشی کردبیت لەوەی خۆت دەتەوێت ،

بۆ ئەوەی ئەوەت پێ ببەخشێت ،

کە پێویستتە ،

لەوانەیە سبەی ،

کاتی هەڵاتنی خۆری تۆبێت ،

لەوانەیە سبەی کاتی درەوشانەوەی تۆ بێت ،

لەوانەیە سبەی ساتی دەسپێکردنی ئەو ژیانە بێت کە خەونت پێوە دەبینی ،

لەوانەیە سبەی هەموو ئەوانەی لات ئەستەم بوون ببن بە کاتوار .

## ئەگەر

ئەگەر ژەهرە ،

ئەگەر وەسوەسەی شەیتانە ،

مەڵێ ئەگەر ،

بڵێ بۆچی ، بڵێ بۆ ، بڵێ لەبەرچی ،

وەلێ بە شێوازێکی ئەرێنیانە ،

چەند بەتەمای ئەو ئەگەرە دەژیان ،

بەڵام گۆڕستانەکان جێگەیان بوو ،

هەمیشە ئەگەر ژەهرێک بووە ،

دیوارێک بووە ،

لەبەرانبەر سەرکەوتن ،

ئەگەر ژەهرێکە ،

هێواش هێواش ئەرێنیەکان لەناو دەبات .

چاوەڕوان بوون

چاوەڕوان بوون ،

بۆ کاتێک کە نایەت ،

بۆ کاتێک کەتۆ نازانیت ئەسڵەن ڕوودەدات ،

تەنها فێڵکردنە لەخۆمان ،

ئێمەش فێری وەلێ فێڵ لەخۆمان بکەین ،

وەلێ چاوەڕوان بوون ،

پیریەکی لەسەرخۆییە ،

چاوەڕوان بوون بۆ ئەوکەسەی نایەتەوە و دەڵێین ،

ئەمڕۆ نا سبەی پەشیمان دەبێتەوە ،

من پێت دەڵێم ،

تۆ خەریکی مردنێکی لەسەر خۆیت ،

مردنێکی هێواش .

دەسوڕێتەوە

خەڵک ئێمەی بەدڵ بێت ،

بەدڵ نەبێت ،

خۆشیانبوێین ،

ڕقیان لێمانبێت ،

دڵمان شاد بکەن ،

دڵمان بشکێنن ،

ئاراممان بکەن ،

تورەمان بکەن ،

ڕاستگۆبن ،

درۆزان و درۆزن بن ،

زەوی هەر بەدەوری خۆیدا دەسورێتەوە ،

ژیانیش هەر بەردەوامە .

بەردەوامە

گوێدان بە قسەی خەڵکی ،

بە گلەییەکان ،

بە بوهتانەکان ،

بە درۆکانیان ،

به ڕاستیەکانیان ،

به فێڵەکانیان ،

ژیان هەر بەردەوامه ،

کاتەکانیش ناوەستن له ڕۆیشتن ،

مردنیش دواناخات ،

ژیانیش کۆتایی پێناهێنێت ،

فێری هونەری گوێ پێنەدان ببه ،

گوێنەدان به قسەی خەڵکی .

پێیان بڵێ

پێیان بڵێ من بێ ئێوه هەم ،

له دوای ئێوەیش هەر هەم ،

پێیان بڵێ بیخولێننەوه ،

من خودام هەیە ،

تەنها نیم ،

کەس تەنها نییە ،

هەمووومان خودامان هەیە ،

پێیان بڵێ بڕۆن ، بمێننەوە ،

هیچ ناگۆڕێت لەوەی کە من کێم و چیم ،

پێیان بڵێ ،

ئەگەر دەتانەوێت ، بەشکستەکانم بڕوخێم ،

بیخولێننەوە ، پێیان بڵێ بیخولێننەوە .

فێرمان دەکات

ژیان مامۆستایەکی زۆر دادپەروەرە ،

ئەگەر بەوانەی یەکەم فێرنەبووین ،

لێمان دەداتەوە ،

وانەی دووەم فێرنەبووین ،

لێمان دەداتەوە ،

وانەی سێیەم فێرنەبووین ،

لێمان دەداتەوە ،

کە فێربووین دەچینە وانەی نوێوە ،

لە هەر لێدانێکیش ئەزموونێک وەردەگرین ،

بۆ وانەی داهاتوو ،

ئەمەیە ژیان بینینی ڕاستەقینە ،

ئەمەیە مامۆستای ڕاستەقینە ،

کێشەکان بکە بە نوقڵ

**ئەتەوێت ڕێگایەکت پێ بڵێم ئیدی کێشەکانت لەلائاسان بێت ،**

**کاتێک کێشەیەک هاتە ڕێگات ،**

**وەک دیاریەک بیبینە بۆ فێربوون ،**

**وەک یاریەک سەیری بکە ،**

**کە دەتەوێت ئاستێکی تر ببڕیت ،**

**بە شێوازێکی سادەتر ،**

**کێشەکان وەک چالّنج ببینە ،**

**ئەوکات ئاسانتر دەبێت ،**

**بەخۆت بڵێ ئەمە وانەیەکی ترە ،**

**ئەمە ئەزموونێکی ترە بۆ ژیانم ،**

**ئەمە وانەیەکی نوێم فێردەکات ،**

که پێویسته بۆ هەنگاوی داهاتوو .

هاوار بکە

وەک محمود دەروێش دەڵێت ،

هاواربکە

با گوێت لە خۆتبێت

هاواربکە، با بزانیت کە تۆ هێشتا

ئەژیت و ئەژیت و

ژیانیش

لەسەر ئەم زەوییە هێشتا مومکینە ،

خۆت فێری بێدەنگی مەکە خۆشەویستم ،

ئازارەکان لە ناختدا مەهێڵەوە ،

ئاخر بێدەنگی و هاوارنەکردن ،

مرۆڤ دەکوژێت ، مرۆڤ وێران دەکات ،

هاوار بکە لە شوێنێکی بەرز ،

با هەرچی خەمە ،

هەرچی ئازارە ،
لەنێو ناخت بێتەدەرێ ،
ئیدی بابەس بێت بێدەنگی ، ئاخر بێدەنگی ئێمە
لەنێودەبات .

## چۆن بیت ئەوهایت

باوکێک منداڵەکەی بردە سەر شاخێک و منداڵەکە هاواری کرد ، کە گوێی لەدەنگی خۆی بوویەوە سەیری پێهات ، دواتر منداڵەکە وتی ڕقم لێتە ، دەنگەکە وتی ڕقم لێتە ، منداڵەکە چەند قسەیەکی تری کرد و هەمان شتی وەرگرتەوە هەمان دەنگی پێچەوانە وانەی ئەم چیرۆکە لەچی دایە ؟
تۆ چۆن بوویت بۆ خەڵکی بەو شێوازەیت ،
ڕێزی خەڵکی بگرە ، ڕێزی خۆتت گرتووە ،
خەڵکیش ڕێزت دەگرێت ،
ڕقت لە خەڵکی بێت ،
خەڵکیش ڕقی لێتە ،

خەڵکیت خۆشبووێت ،

خەڵکیش تۆی خۆشیدەوێیت ،

کاردانەوەی ڕەفتاری خەڵکی ،

هەمان کاردانەوەی ڕەفتاری تۆیە ،

باشبوونی خەڵکی بۆ تۆ ،

هەمان باشبوونی تۆیە بۆ ئەوان .

چۆن بیت خۆشەویستم بەو شێوەیە دەبن بۆت .

دەتوانیت

دەتوانیت فێرببیت ،

دەتوانیت گەشە بکەیت ،

دەتوانێت ڕابێیت ،

دەتوانیت بژیت ،

دەتوانیت بمریت ،

دەتوانیت ئەگەر بتەوێت فێری زمانێکی دیکە بیت ،

دەتوانیت ئەگەر بتەوێت ڕابێی لە بێ ئەوی ،

دەتوانیت بژیت بە ئیمان و بەچێژەوە ،

دەتوانیت بمریت بە کردەوەی چاک و باشەوە ،
دەتوانیت ،
من پێت دەڵێم دەتوانیت ،
تەنها مەحاڵ مەحاڵە ،
تەنها نەتوانین نەتوانینە ،
ئێمە خودای گەورە توانای پێداوین ،
ڕێزی لێناوین ،
زانیاری پێداوین کەواتە دەتوانین ،
کەواتە ئەستەم نییە .

## جیاوازی زۆرە

جیاوازی زۆرە لەنێوان کردار و گوفتارێک بۆ کردنی بە کردەوە ،
جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەو کەسەی گوفتارەکەی کردارە ،
ئاخر ئەو دووانە هەرگیز ناتوانن یەکسان بن ،
وەلێ تۆش هەوڵبدە کردارت زیاتر بێت لە گوفتارت ئازیز ،

کردارەکان ،

سەرکەوتنەکان فەراهەم دەکەن ،

گوفتار ،

ڕاستە کاریگەری هەیە ،

لەسەر سەرکەوتن ،

لەسەر هاندان ،

لەسەر گەشەپێدانی خوودی خۆت و دەووروبەرت ،

ئەوەندەی گوفتار دەکەیت ئازیزم ،

هەر با نیو ئەوەندەش کردارت هەبێ ،

وەلێ وەک کورد دەڵێت ،

کردار شەرتە ،

نەک گوفتار ،

وەلێ با کرداردت گوفتارت بێت .

## کۆتاییان دێت

گریان ،

ناخۆشی ،

ئازار ،

خەم ،

سەڵتی ،

ژیان ،

مردن ،

تا سەرنین و کۆتاییان دێت ،

میوانێکی خنجیلانەن ،

تاوەکوو سەر نامێننەوە ،

بۆیە چاوەڕوان بە و نزا بکە ،

ئەمانە نەهاتوون بۆ ئەوەی تاکوو کۆتایی لەگەڵ بژین ،

بەڵکو هەندێک جار پێویستە سەردانت بکەن ،

بۆ ئەوەی وانەی نوێت فێربکەن ،

بۆ ئەوەی ئەزموونی نوێت پێبدەن ،

بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بژیت ،

باشتر لە شتەکان بگەیت .

ڕۆژێک دێت

ڕۆژێک دێت ،

کۆتاییان دێت ،

گشت ئازار و ناخۆشیەکان ،

سەڵتیت کۆتایی دێت ،

ڕۆژێک دێت ئیدی بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیان دەکەیت ،

وەلێ ڕۆژێک دێت دووبارە زیندوو دەکرێینەوە ،

ڕۆژێک دێت خۆری تۆش ئاوادەبێت ،

بەڵام ڕۆژێکیش دێت خۆری تۆ هەڵدێتەوە ،

ئیمرۆ شکستت هێنا ،

ئەزموونێکی نوێ فێربوویت ،

وەلێ ڕۆژێک دێت سەرکەوتوو دەبیت ،

ئیمڕۆ کەسێکت لەدەستدا ،

وەلێ ڕۆژێک دێت کەسێکی باشتر ،

جێگای ئەو دەگرێتەوە ،

ئەمما ئیمڕۆ تۆ ئاواتی بوون بە باوک دەخوازیت ،

وەلێ ڕۆژێک دێت بە باوکە بانگ دەکرێیت ،
ڕۆژێک دێت دونیا کۆتایی پێدێت ، دونیایەکی نوێ دەستپێدەکات .

## هەلێکی نوێ

هەموو چاوکردنەوەیەکی بەیانیت ،

هەلێکی نوێیە ،

ژیر ئەو کەسەیە ئەو هەلە دەقۆزێتەوە ،

خودای گەورە هەموو ڕۆژێک ،

هەلێکی نوێت ئەداتێت ،

بۆ تەوبەکردن ،

بۆ گەڕانەوە ،

بۆ پەشیمان بوونەوە ،

ژیر بە ئازیز ،

ئەو هەلە لەدەست مەدە ،

ڕۆژێک دێت چاوەکانت بۆ هەمیشە لێک دەنێیت و

هیچ هەلێک نامینێت .

ئاوڕدانەوە

زۆرئاوڕ مەدەوە بۆ دواوە ،

ئەگینا قاچەکانت گیردەبن و دەکەویت بە زەویدا ،

ئەوکاتەش لەوەیە هیچ کەس نەبێت دەستت بگرێت ،

هەڵبستێنێتەوە ،

لەوەیە تەنها خۆت بیت ،

بۆیە زۆر ئاوڕمەدەوە ،

بۆ ئەو کەسەی بەجێی هێشتووی ،

بۆ تاوانەکانت و سەرپێچیەکانت ،

تەنها داوای لێخۆشبوون بکە ،

ڕابردووت ئیدی کۆتایی هات ،

گرنگ ئێستای تۆیە ،

ئاوڕمەدەوە ، لەوانەیە بکەویت بە زەویدا ئازیزم

ئاوڕمەدەوە .

## کورتە

ئەم ژیانە کورتە ،

ئەم ژیانە کاتیە ،

بۆیە پێغەمبەر دەفەرمووێت ،

لەم دونیایە وەک غەریبێک یان ڕێبوارێک وابە ،

حیکمەتێکی تەواو لەو قسەیەدا هەیە ،

ئەم دونیایە کاتیە ،

چەند تەمەنت درێژ بێت هەر دەبێت کۆتاییت بێت ،

لە پێغەمبەر نوح پرسیارکرا ئەوەندە ژیان دونیا چۆن بوو
؟

فەرمووی وەک وایە لەو دەرگایە بێمە ژوورەوە و بچمە
دەرەوە ،

دەی ئازیز پێغەمبەر نوح ٩٥٠ ساڵ ژیا لەم دونیایە ،

کەچی وتی وەک وایە لەو دەرگایە بێمە ژوورەوە و
بچمەدەرەوە ،

کورتە ئەم دونیایە و ڕۆژێک دێت کۆتایی دێت .

خاڵی کۆتایی

خاڵی سەرەتامان لە دایک بوونمانە ،

خاڵی کۆتایی مردنمان ،

هەموو دەست پێکردنێک خاڵێکی کۆتایی هەیە ،

هەموو چیرۆکێکیش ڕۆژێک دێت کۆتایی دێت ،

وەک ئەم پەرتووکەی بەردەستت بە لە دایک بوونی

پیتێک دەستیپێکرد ،

بە خاڵی کۆتاییش کۆتایی هات ،

دەبێت لەمەوە بۆمان دەربکەوێت ،

هەموو شتێک کۆتایی دێت ،

ژیان ،

مردن ،

ناخۆشی ، گریان کۆتاییان دێت ، کۆتاییان دێت .

گەڕانەوەی ڕاستەقینە

گەڕانەوەی ڕاستەقینە ،

گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەرێن ،

دۆڕانی ڕاستەقینە ،

وازهێنانە لە پەروەرێن و نوێژەکان ،

سەرکەوتنی ڕاستەقینە ،

شکستی ڕاستەقینە ،

لەم دونیایەدا وجوودی نییە ،

بەڵکو سەرکەوتن و بردنەوەی ڕاستەقینە ،

لە دونیایەکی ترە ،

گەڕانەوەی ڕاستەقینە ،

گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەردگار ،

پێش ئەوەی لەم دونیایە کۆتایت بێت ئازیزم بگەڕێوە ، بگەڕێوە .

## نوێژ

نوێژ تەنها هەستان و دانیشتن نییە ،

نوێژ دانانی خەمەکان و بەرزکردنەوەی خۆشیەکانە ،

نوێژ نزیک بوونەوەیە لە خودا ،

نوێژ قسەکردنە لەگەڵ خودا ،

نوێژ ڕاوەستانە لەبەرامبەر خودا ،

ئەی ئەو کەسەی وازت لە نویژەکانت هێناوە ،

ئەی ئەو کەسەی کە بە نوێژ ئەڵێی کارم هەیە ،

لە خودا بترسە ،

ئەگەر پیت بڵێن ئەمڕۆ چاوپێکەوتنت هەیە لەگەڵ بەڕێوبەری کۆمپانیا بۆ وەرگرتنی کار یەکسەر ئەچیت ،

وەلێ چۆن چاوپێکەوتن لەگەڵ پەروەردگار لەدەست دەدەیت ،

بە نوێژ مەڵێ کارم هەیە ، بە کار بڵێ نوێژم هەیە .

رۆح و جەستە

ئەگەر گرنگی جەستە و ڕۆح وەکو یەکدی بوایە ،

ئەوا ڕۆح بەرزنەدەکرایەوە بۆ ئاسمان ،

جەستەش لە گۆڕنەدەنێژرا ،

بۆیە هەمیشە ڕۆحت جوان بکە ئازیز ،

خودای گەورە سەیری شێوەت ناکات ،

سەیری جەستەت ناکات ،

سەیری چاوی جوانت و ڕوخسارت ناکات ،

بەڵکو سەیری دڵت دەکات ،

با دڵیشت پڕ بێت لە ئیمان و میهرەبانی و خۆشەویستی خودا ،

جەستە ڕۆژێک دێت پەکی دەکەوێت ، چرچ و لۆچ دەبێت ،

بەڵام دڵ و ڕۆح بۆ هەمیشە بەجوانی دەمێننەوە ،

با ڕوخسارمان جوان نەکەین ، با دڵ و ڕۆحمان جوان بکەین .

خودا فەرموویەتی

ئەبو هوڕەیڕە خودا لێی ڕازی بێت دەڵێت ،

خۆشەویستمان د.خ لەسەربێت فەرمووی ، خودا

دەفەرمووێت من بەپێی گومانی بەندەکەمم بۆ من ، وە

من لەگەڵیم کاتێک یادم دەکات ، ئەگەر لە دڵی خۆی یادم بکات ، میش لە نەفسیی خۆمدا باسی دەکەم ، بەڵام ئەگەر لە نێو کۆڕێکدا یادم بکات من لە کۆڕێکی باشتردا لە کۆڕەکەی ئەوان باسی دەکەم ، وە ئەگەر بستێک لێم نزیک بێتەوە من باسکێک لێی نزیک دەبمەوە ، ئەگەریش باسکێک لێم نزیک بێتەوە ، ئەوە من باڵێک لێی نزیک دەبمەوە ، ئەگەریش بەڕۆیشتن بەرەو لای من بێ ، من بە خێرایی بەرەو ڕووی دەچم .

تاکەی یادی نەکەین ،

ئاخر یادی کردنەوەی ئێمە لەلایەن خوداوە سبحان الله ،

ئاخر خودای گەورە باسمان بکات لەنێو کۆڕێک دەبێت چۆن بێت ؟!

ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ باسمان بکات لە شوێنێک ئێمە خەنی دەبی لەخۆشیان ، ئەی ئەگەر خودا باسمان بکات دەبێت چۆن بێت .

## خاکی بوون لەبەر خودا

ئەبو هوڕەیڕە ، دەڵێ پێغەمبەر خودا د.خ لەسەربێت فەرموویەتی ، هەر یەکێک لەبەر خودا سادە و خاکی بێ ، مسگۆەر خوا بەرزی دەکاتەوە .

ئازیزان شەیتان تەکەبووری کرد ،

خودا لە ڕەحمەتی خۆی دەریکرد ،

ئاخر ئێمەی ئادەمیزاد دڵۆپە ئاوێکین ،

لە مشتێک خۆڵین ،

لە دوو کوون کە پیسی لێدێتە دەر !

ئیدی تخوا تەکەبوور و خۆ گەورەبوونمان  لە چی بێت

با بەس بێت خۆشەویستان ،

با خاکی بین ،

خاکی بوونێک لەبەر خودا .

گوڵی هیوا

تۆ تەنها متمانەت بەخودا هەبێت ،

ئەو لەکاتە ئەستەمەکاندا ،

گوڵی هیوات بۆ دەڕوێنێت ،

تۆ تەنها ئومێدت بەخودا هەبێت ،

وەک چۆن یونسی لە سکی نەهەنگەکەدا ڕزگار کرد ،

وەک چۆن ئاگری بۆ ئیبراهیم سارد کردەوە ،

وەک چۆن یوسفی لە زیندان ڕزگار کرد ،

وەک چۆن یەعقوبی بە یوسف شاد کردەوە ،

ئەوهاش گوڵی هیوا بۆ تۆ ئەڕوێنێ

هەمان خودای یوسف خودای تۆشە ،

هەمان خودای ئیبراهیم و یونس  خودای تۆشە ،

تەنها متمانەت هەبێت گوڵی هیوات بۆ دەڕوێنێت .

لە خودا بترسە

لە قسەی خەڵکی مەترسە ،

قسەی خەڵکی گرنگ نییە بۆت ئیلا قسەی چاک نەبێت

،

قسەی خەڵکی بە خراپیش بێت بۆتۆ ،

گوێی پێ مەدە ،

لە قسەی خودا بترسە ،

قسەی خەڵکی هەبێت و نەبێت ،

زەوی بەردەوامە بە سوڕانەوە بەدەوری خۆیدا ،

قسەی خەڵکی ئەگەر خراپ بوو بۆت بیخە ژێر پێیەکانت ،

خۆتی پێ بەرزبکەرەوە ،

لە قسەی خەڵک مەترسە ئازیزم ،

لە خودا بترسە ،

لە خودا ....

## چاوەکانت بسڕەوە

چاوەکانت بسڕەوە ،

ژیان بە دیدێکی تر ببینە ،

چاوەکانت خاوێن بکەرەوە ،

لەوانەیە کەمێک دابەزیبێت !

وەلێ بۆ ڕێژەی بینین نا ،

لە ڕێژەی بینینی شتەکان بە هەڵە ،

چاوەکانت خاوێن بکەرەوە لە نەزەر کردن ،

چاوەکانت خاوێن بکەرەوە با چیدی بەهەڵە بڕیارِ نەدەن ،

وەلێ بەهەڵەش سەیرنەکەن ،

چاوەکانی ئێمە لە ئێستادا ،

لە هەموو کاتێک زیاتر ،

پێویستی بە خاوێنکردنەوە هەیە ، وەلێ چاوەکانت خاوێن بکەرەوە .

ڕازی ببە

ڕازی ببە بەوەی خودات ( الله ) ،

ڕازی ببە بەوەی ئیسلام دینیت بێت

ڕازی ببە بەوەی پێغەمبەر محمد د.خ کۆتا نێردراوی خودایە ،

ڕازی ببە بەوەی هەر شتێک کە خودا بۆت دەکات لە ژیانت ،

چ بە خۆشی چ بە ئازار و ناخۆشی و گریان ،

ئەوا خێری تێدایە ،

ڕازی ببە بەوەی پەروەرێن هەمیشە بڕیارە باشەکان بۆتۆ دەدات ،

ڕازی ببە بەوەی کە ئەوەی تۆ پێت ناخۆشە خێری تیایە ،

ئەوەی پێت خۆشە لەوانەیە شەڕی تیایە ،

خودایە من ڕازیم بەوەی الله خودام بێت ،

ئیسلام دینم بێت ،

پێغەمبەر محمد د.خ لەسەر بێت پێغەمبەرم بێت .

سەرچاوەکان

- پەرتووکی زەواج لە قورئان و فەرمووده صەحیکەکان

- پەرتووکی بەهێزەکان

- گەڕانی گوگڵ

- کۆمەڵێک پەیجی فەیسبووک

- پەرتووکی لە نامەیەکەوە

ئەم پەرتووکە پێشکەشە

" پێشکەشە بە دایک و باوکی خۆشەویستم ، کە لە

ڕووی هاندان و داراییەوە بەتەواوەتی پشتگیریان کردووم

و سوپاسیان دەکەم ، پێشکەش بە برا بچووکەکەم دانەر و هیوام وایە خودای گەورە بۆ خزمەتی ئیسلام و دینەکەی بەکاریبهێنێت و سەربەرزی قیامەت و دونیای بکات ، پێشکەش بە هاوڕێ ئازیزەکانم ، پێشکەش بێت بە پەرتووکخانەی کوردی و کوردستان . "

## پەیوەندی بە نووسەر

بۆ هەر سەرنج و پێشنیارێک دەتوانن پەیوەندی بە نووسەری پەرتووکەوە بکەن لە ڕێگەی ئەم ناوانەی خوارەوە :

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

Facebook : Thiago Saadi

Instagram : imdiyarr

Email : itdyar4@gmail.com

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

★★★★★★★★★★

بەرهەمەکانی نووسەر :

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

★★★★★★★★★★

- بە ئینگلیزی بیربکەوە خێراتر قسە بکە

- لە نامەیەکەوە

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

★★★★★★★★★★

کۆتایی پەرتووک

" فەرموودەی پێغەمبەر د.خ لەسەر بێت "

سەیرم دێت لە کاروباری ئیماندار ، حاڵ و ئیش و کاری ئیماندار هەمووی خێر و چاکەیە ، ئەگەر خۆشی تووشهات ، سوپاسگوازری خودای کرد لەسەری ئەوا پاداشتی بۆ هەیە ، ئەگەر ناخۆشی و نارەحەتی تووش هات ، ئارامی لەسەر گرت ، دیسان پاداشتی بۆ هەیە .

" پێغەمبەری خودا د.خ "

وتەی کۆتایی نووسەر

" ئازیزان ، ئایا لات سەیر نییە مرۆڤ لەسەر دوو کەس لەسەر مێشوولەیەک دڵی یەکدیان ڕەنجاندووە لەوەیە زۆر پێت سەیر بێت !

بەڵام ئەوەتا ئێمە لەسەر شتانێکی دونیایی دڵی یەکدی دەشکێنین کە ئەم دونیایە نرخی باڵە مێشوولەیەکی نییە لای خودای گەورە " .

★ سبحان الله – الحمدلله – لا الله الا الله – الله اكبر ★

★ سوپاس ئەی پەروەرێنم ، سوپاس بۆتۆ ، پاک و بێگەردی بۆ تۆ ★

★ با هەموو هەوڵێکمان ڕازی کردنی خودا بێ ★

★ نەوەک دواکەوتن بەرەو ماڵی دونیا بێ ★

★ بابڵێین خودایە یارمەتیمان دەیت ★

★ بەهەشتی فیردەوس بە نسیبمان کەیت ★

★ سوپاس ئەی پەروەرێنم ، سوپاس بۆتۆ ، پاک و بێگەردی بۆ تۆ ★

## پڕۆفایلی نووسەری پەرتووک




ناو : دیار سعدی علی

نازناو : تیاگۆ

تەمەن : 19 ساڵ

زمانەکان : کوردی ، ئینگلیزی ، ئیسپانی

پیشە : نووسەر : خوێندکار

ئیمەیڵ : itdyar4@gmail.com

سۆوشڵ میدیا : Thiago Saadi


Scan my QR

الحمد لله على كل حال